# ئەفریقیا مەیدانی نوێی ململانێی نەوت لەنێوان واشنتۆن و پەکیندا

فەرهاد حەمزە محەمەد Fhm_k2003@yahoo.com





لەگەڵ بەرزبونەوەی رۆژ بە رۆژی نرخی نەوت ململانێی وولاتانی زلهێزیش لەسەر سەرچاوەکانی نەوت لە زیاد بوندایەبەجۆرێك هەر بستە خاکێکی نەوتدار جێگای تەماع و چاوتێبرینیان دەبێت .ئەفریقیا یەکێکە لەو کیشوەرانەی خاوەن نەوتێکی زۆرەو ٨٪ی یەدەکی جیهان پێك دەهێنێت ،ئەمە وێرای چاکی جۆری نەوتەکە کە برێکی زۆر کەم گۆگردی تێدایە.

لای کەس شاراوەنیە کە زۆربەی وولاتانی ئەفریقیا بە دەست هەژاری وگەندەڵی و شەری ناوخۆی خێڵەکیانەو نەبوونی ئارامی سیاسی یەوە دەناڵێنن ،لە بەر ئەم هۆیانەیە وولاتانی زل هێز بە ئاسانی دزە دەکەنە ناویانەوە و دەست وەردەدەنە کاروبارەکانیانەوە .

نێجیریا لە سەروی وولاتانی کیشوەری ئەفریقیاوە دێت لە بەرهەم هینانی نەوت ، ئەوە لە کاتێکدایە تێکرای داهاتی هەر تاکێك لە رۆژێکدا لە دۆلارێك تێپەر نابێت .

ئەمریکا بایەخێکی زۆر بە ئەفریقیا دەدات رۆژانە ١,٥ ملیۆن بەرمیل نەوتی لێ دەکرێت.

شارەزایانی ووزە لە ئەمریکا لە سەرووی هەموویانەوە ( دیك چینی ) جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لەو باوەرەدایە کە هاوردەی ئەمریکا لە نەوتی ئەفریقیا لە سالآنی داهاتوودا لە ( ١٥٪ ) ەوە دەگاتە ( ٢٥٪ ) کە یەکسانە بەو برەی لە رۆژ هەلأتی ناوەراستی دەکرێت.

خەڵکی نێجیریا لەو باوەردایە کۆمپانیا ئەمریکی یەکان زۆر دەست وەرئەدەنە کاروباری ناوخۆیانەوە ،هەر ئەمەشەوایکردووە هەندێ بزوتنەوەی چەکداری دروست ببێت و پەلاماری کۆمپانیا بیانی یەکان بدەن .

لە قۆڵێکی ترەوە سالآنێکی زۆرە چینی یەکان لە تەقەلأی ئەوەدان پەیوەندی خۆیان بەوولآتانی کیشوەری ئەفریقیا بەهێزبکەن بۆ زیاتر مسۆگەر کردنی پێویستی یە نەوتیەکانیان چونکە لە ٢٥٪ ی بەکاربردنی ناوخۆیی یان لە وولآتانی ئەفریقیاوەیە بەتایبەت جەزائرو ئەنگۆلاو چادو سودان.

لە سالّی ١٩٩٥ دامەزراوەی نەوتی نیشتمانی چینی توانی مافی گەران وپشکنین بە دوای نەوتدا لە چەند ناوچەیەکی کرنگی سوودان بەدەست بهێنێ . لە سالّی ١٩٩٧ یش دوای ئەوەی ئەمریکا پەیوەندی دبلۆماسی خۆی لەگەڵ سوودان پچری دەست بەجێ چین دۆخەکەی قۆستەوە بۆ پر کردنەوەی ئەو بۆشایی یەی بەجێ یهێشتبوو ، ئەوەبوو توانی پەیوەندیە نەوتیەکانی خۆی لەگەل خەرتوم بەهێز بکات ، تا وای لێهات نیوەی هە ناردەی نەوتی سودان بۆچین رەوانە دەکرێت .

هەمان دامەزراوەی چینی ٤٠٪ی پشکەکانی کۆمپانیای (النیل الاعظم) ی نەوتی لە سوودان بۆ خۆی کری یەوە کە رۆژانە ٣٠٠ هەزار بەرمیل رەوانە دەکات .هەروەها کۆمپانیای ( سینۆپك ) ی چینی هەڵسا بە راکێشانی لوولەیەکی نەوتی بە درێژی ١٥٠٠ کم بۆ گواستنەوی بەر هەمی نەوتی بۆ بەندەری پۆر سوودان لە سەر دەریای سوور لەوێشەوە بۆ ئەو کە شتی یە نەوت هەلگرانەی روو لە چین دەکەن. چاودێران پێ یان وایە پەیوەندی یەکانی چین بە وولآتانی کیشوەری ئەفریقیاوە فرە لایەنە سیاسی ، ئابووری ، سەربازی ، هەموو ئەم پەیوەندی یانەش لەخزمەتی بەرژەوەندی یە نەوتی یەکانی چین بە گردەخرێن بە جۆرێك چین نەوتی دەست دەکەوێت بەرامبەر ناردنی چەك و بەرهەمە کارەبایی و ئەلکترونیەکان بۆ ئەم وولآتانە ، وێرای بەشداری کردنی لە پرۆژە ژێر خانییەکان . ئەوەشمان نابێت لە بیر بچێت پەیوەندی چین بەم وولآتانەوە کۆنەو لەسەدەی رابردوودا یارمەتی زۆربەی بزوتنەوە رزگاری خوازەکانی ئەفریقیای داوە بۆ دەربازبوون لە ژێرچنگی ئیمپریالیزم .

بەلأم ئیستا پەیوەندی یەکان لە خۆبەستنەوە بە فاکتەرە ئایدیۆلۆجی یەکان و یارمەتی دانی بزوتنەوە مارکسیستەکانەوە گۆراوە بۆ پەیوەندی یەکی زیاتر پراگماتی دامەزراو لە سەر بەرژەوەندی وسوودی هاوبەش .

بەهەر حاڵ تاچ رادەیەك وولآتانی ئەفریقیا دەتوانن سوودمەندبن لە ململانێ ی نێوان ئەو دوو زل هێزە ئەمریکا و چین ، یائەوەتا خەلّکی ئەفریقا جارێکی تر دەبێتەوە قوربانی بەروو بوومە سروشتی یەکانی ، هەر وەك فەیلەسوفێك دەمێکە ووتوویەتی ئەگەر دوو فیل دلّداری بکەن یان شەر تەنها گیایەکەی ژێر پێ یان دەفلیقێتەوە.

# قاعیدەو ئایدیۆلۆژیا

ئومێد مەحمود

بەپێی ئەو هەوالأنەی رۆژانە لە راگەیاندنەکانەوە بلأودەکرێنەوە رێکخراوی قاعیدە روبەرووی شکستو پاشەکێشێکی مەرگبار بوەتەوەو رێکخستنەکانی هەموو رۆژێ زەبری گورجگبریان بەردەکەوێو فەرماندە سیاسیو سەربازیو مەیدانیەکانی یان دەکوژرێن یان دەستگیرو بەدیل دەکرێن.. شارەکانی ناوەراستو موسڵ دوای ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای عێراقو هێزەکانی هاوپەیمانان رەوشی ئەمنیان بەرەو سەقامگیریو ئارامی چووەو خەڵکی ئەو شارانە تا رادەیەکی باش دەتوانن بەدوور لە پیاوکوژو جەلادەکانی ئەو رێکخراوەو چەکدارە میلیشیایەکان هەناسەی ئاسوودەییوسەرفرازی هەڵمژن.

شاری کەرکوکیش بەبەراورد لەگەڵ سالّی رابردوودا کردە تیرۆریستیەکان تێیدا بەئاستێکی زۆر چاك هاتوتە خوارەوەو نزیکەی ٨٥ -٩٠٪ رەوشی ئەمنی ئارامتر بووە..

ئەم رەوشە ئارامو تا رادەیەك سەقامیرە هەرچەندە لە دیدی هەندێ چاودێرانی سیاسیو رۆنامەگەریدا زۆر جێگای دلّخۆشیو گەشبینیی نیە، چونکە تا ئێستا بنەمایەکی پتەوو توندو تۆڵی نیە، بەڵکو لاوازو فشۆڵەو ئەگەر حکومەتی مالکی زۆر جدی نەبێ لە زاڵبوون بەسەر هۆکارو فاکتەرەکانی ئەو رەوشە نائارمەی کە تائێستا بەربینی بە خەڵکی گرتبوو، ئەوا ئەم رەوشە ئەگەری لەبارچوونو دووبارە سەرهەڵدانەوەی کارەساتەکان لە هەر ساتێكو چرکەیەدایە..

چارەسەری کێشە سەرەکیو گرنگەکانی نێو کۆمەڵگای عێراقو پێکهاتە جیاوازەکان لە کوردو شیعەو سوننەو مەسیحیو ...تاد، هەروەها کێشە خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاو کارەباو .. لەهەمووی گرنگتریش کێشەی بێکارییە کە رێژەیەکی زۆری گەنجانو لاوانی ئەم ولأتەیە.. چارەسەرکردنی قەیرانە ئابووریەکانی وەك هەلأوسانو گرانی شتومەكو .. .. دەردی کوشندەی گەندەڵیی ئیداری کە بووتە مایەی نارەزاییو بێزارییەکی زۆری خەڵك.. لەهەموویشی زۆر گرنگتر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنە کە بەپێی هەندێ ئاماری رەسمی رێژەی نەخوێندەواری لەنێو منداڵاندا لەدوای سالّی٢٠٠٣ وە ٤٠٪ زیادی کردووە.

قاعیدەش چ وەك رێکخراوێکی سیاسی پەردەپۆش لەژێر پەردەی ئاینو ئایدیۆلۆژی ئاینیدا، خاوەن کلتوورو فەرهەنگی تایبەتیی، کە تەنها دەتوانێ لە بارودۆخێکی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی هاوچەشنی عێراق دەتوانێ ژیانو گوزەران بکات .. توانیوییەتی کاریگەریی بخاتەسەر ئاوەزو دیدو بۆچوونی پانتاییەکی فراوان لە توێژە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگاو ڤایرۆسی خۆی بگوازێتەوە نێویان .. ئەگەرچی ئەو ڤایرۆسە هەڵگری چەندین نەخۆشی کوشندەو وێرانکەری وەك خۆکوژیو کۆمەڵکوژیو سرینەوەی هەموو ژانرێکی جیاوازی بەرامبەرە، توانیوتی خۆی بخزێنێتە نێو پەیوەندییە خێزانییەکانو گەرای خۆی دابنێ و بپیتێنێ .. کلتووری کۆمەڵکوژیو کوشتنی ئینسانی بێتاوان تەنها لە کلتورو فەرهەنگی حیزبی بەعسو قاعیدەو حیزبو رێکخراوەکانی هاوچەشنەکانیانە..

هەواڵی دڵتەزێنی کوشتنی درندانەو ئاوگەرم بەسەرداکردنی(بێریڤان)و خوشکەکانی لەلایەن باوکیانەوە لە شارۆچکەی (دوبز) هەروەها خنکاندنی چەند برایەك بەهەمان شێوە لەلایەن باوکیانەوە لە ناحیەی (تازە) دڵی هەمووانی گوشیو تووشی شۆکی کردین، زۆریشمان فرمێسك بۆ ئەو دەستە خوشكو برایانە رشتو نەفرەتمان لەهەموو ئەو کەسانە کرد کە فەرهەنگو رۆشبیریی مەرگ پەرەپێدەدەنو بلأوی دەکەنەوە.

ئایا دیاردەی کوشتنی منداڵ لەلایەن باوكو دایکەوە حکومەتی کەرکوكو عێراقو کوردستان راناچەڵەکێنێ تا سیاسەتەکانی تائێستای خۆیاندا بچنەوەو بیرێك لەم رەوشە مەترسیدارو سامناکە بکەنەوە.. ئەگەر حکومەت توانیویەتی خۆکوژو تیرۆریستەکانی قاعیدە لەشارەکان دووربخاتەوەو سنووورداشیان بکاتەوە، ئەوا دەبێ ئەوە روونو ئاشکرا بێ کە قاعیدە لەپاش خۆی تۆو گەرایەکی زۆری چاندووەو بیرو باوەرە کاولکارییەکانی خۆی موتوربەی دواکەوتوترینو کۆنەپەرسترین بیرو باوەری کۆنو دارزیوی بەسەرچووی سەدان ساڵەی ئەم کۆمەڵگایە کردووە.

هەوڵدانو کۆششکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرو بەرنامەرێژی بەمەبەستی زاڵبوونی بەسەر کێشەو گرفتەکانی ئێستادا ئەرکی دەستبەجێی حکومەتو ئەو رێکخراوانەیە کە بەرگری لە مافی مرۆڤو ئێستاو ئایندەی ئەم کۆمەڵگەیە دەکەن.

# عێراق و ئەمریکا.. رێکەوتننامەیەکی چارەنووساز



عرفان صدیق

وەك هەموو مەسەلەکانی تری گۆرەپانی سیاسی لە عێراقدا، وروژاندنی باسی رێککەوتنامەی ستراتیژی درێژ خایەن لە نێوان عێراقو ئەمریکادا کەلێنێکی تری خستە نێو گرپو حیزبە سیاسیەکانەوە، چاودێرانی سیاسی پێیان وایە سەرسەخترین نەیارانی وەها رێککەوتنێك ئەو پارتو لایەنانەن کە لەلایەن ئێرانەوە دەجولێنرێن، چونکە زەرەرمەندی گەورەی رێککەوتنامەکە ولأتی ئێرانە کەلە مێژە ئەمریکا بە شەیتانی گەورەو ئیمپرالیزم ناوەزەد دەکاتو بە مەترسیەکی گەورەی دادەنێت بۆسەرچارەنوسی کۆماری ئیسلامی ئێران کەلە ١٩٧٩ ەوە حوکمرانی گەلانی ئێران دەکات.

یەکێك لە نوێنەرانی رەوتی ( سەدر) رێککەوتنامەکەی بەبێ شەرمترین رێککەوتنامە ناوەزەند کرد، چونکە چاوپۆشی دەکات لە هەموو تاوانەکانی ئەمریکا دژ بە هاولأتیان عێراقی، وتیشی ئەم رێککەتنامەیە گەر مۆربکرێت ئەوا سەربازێك لە نێو هەموو مالّێکی عێراقیدا دادەنرێت !!

نەیارانی ئەم بۆچوونەش رێککەوتنامەکە بە پێویست دەزانن بۆ قوتارکردنی عێراق لە رکێفی بەندی حەوتەمی بریارەکەی نەتەوە یەکگرتوەکانو بۆ ئەوەی عێراق بتوانێت سەر لەنوێ خۆی بنیات بنێتەوە بە پشتیوانی زلهێزێکی وەکو ئەمریکاوە .

کێشەکە لەوەدایە کە نەیارانی هەموو رێککەوتنێك لەگەڵ ئەمریکادا بە چاوێکی پر لە گومانەوە دەروانن حکومەتی عێراقیو بگرە توندرەوی وایان تیایە کە حکومەت بە بەکرێگیراو دەزانێتو بە ئەو کەسانەی ناو دەبا کەلەسەر تانکەکانی ئەمریکاوە هاتونەتە نێو عێراق .

ئەمانە بە دڵنیایەوە دەڵێم لەوەها رێککەوتنامەیەك نەگەیشتون، چونکە پێیانوایە بە مۆرکردنی ئیتر عێراق دەبێتە دیلێك بە دەستی ئەمریکاوە، لە کاتێکدا زۆر لە ولأتانی جیهان رێککەوتنامەی هاوشێوەیان مۆر کردووەو خاوەنی سەروەری تەواونو خۆیان بریار لە مەسەلەی چارەنوسی سازەکان دەدەن، لەوانەیە باشترین نمونە بریارەکەی تورکیا بێت لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا، کاتێك رازی نەبوو ئەمریکا هێز لە تورکیاوە بەرەو عێراق بنێرێت گەرچی رێککەوتنامەی ستراتیژی لە نێوانیاندایە، پاشان بۆ دەبێت ئێمە لە گومان لە تیمی عێراقی بکەین کە لەسەر مێزی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکیەکاندا دانوساندن دەکات؟

ئایا ئەندامەکانی ئەو تیمە کارا نین ؟ یاخود نیشتمان پەروەر نین ؟ چۆن بەرژەوەندی ولأتێکی تر دەخەنە پێش بەرژەوەندی ولأتەکەی خۆیانەوە؟

عێراق کە ژێرخانێکی خاپوورو قەرزێکی بێ شوماری بە میراتی بۆ مایەوە لە رژێمی بەعسەوە پێویستی بە پارێزگاری زلهێزێکی وەك ئەمریکا هەیە بە تایبەتی کە تەنها ولأتێکە لە ناوچەکەدا خاوەنی سوپایەکی بەهێز نیە و لە هەمو لاوە چاوی دوژمنان بۆی دەروانن، جگە لەمەش پێویستمان بە ئەزمونی پسپۆری ئەمریکی هەیە لە بوارەکانی ئابوریو ئیداریو پیشەسازلاو کشتوکاڵو... هتد .

لە بیرمانش نەچێت تەنها رێگە چارەیەك بۆ قورتاربوون لە بەندی حەوتەمی بریاری نەتەوە یەکگرتوەکانی ئەورێککەوتنامەیە کە بریارە لە ٣١ی ئەم مانگە مۆ بکرێت، ولأتانی عەرەبی لە مێژە حەلألّەکانی خۆیان لە ئێمە حەرام دەکەن زۆر ئاسایە بنکەی سەربازی لە "قەتەر" دا هەبێت بەلأم بۆ عێراق شورەییە، ئاساییە ئالأی (ئیسرائیل) لە ئاسمانی (قاهیرە)و (عمان) دا بشەکێتەوە، بەلأم گەر (مام جلال) سەرۆك کۆماری عێراق وەکو عورفێکی دیبلۆ ماسی تەوقە بکات لەگەڵ (ایهود باراك)دا ئەو قیامەت هەڵدەسێت .

# چەپاندنی سێکسیو سەرکوتکردنی سیاسیی

ن/ مروە کریدیە
و/ رامان مەحمود

سەرکوتکردنی سیاسی هاوشێوەی چەپاندنی سێکسە، لەهەندێ کۆمەڵگەدا ئەم حاڵەتە دەگاتە لوتکەو هۆشیاریی بەکارەساتێکی کۆمەلأیەتی دەدات کە ژیارە مرۆڤایەتیەکە دەروخێنێت، چونکە پەیوەندییەکە بێگومان لەو بارەدا لە قەیرانو گرژیو ئالۆزیدا دەبێتو سەرکوتکردنەکەش رێکخراو دەبێت لەچوارچێوەی یاساداو بەشێوەیەکی ئاشکرا یان نهێنی تەنانەت لەهەندێ لەو ولأتانەشدا کە بانگەشە بۆ دیموکراسی و ئارامی دەکەن و لەخۆشگوزەرانیەکی ئابووریدانو دەیانەوێت وەك نموونە خۆیان بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نیشان بدەن، بەلأم لەباری وردبوونەوەو بەراوردکردنی پێکهاتەی بونیادی کۆمەڵگەکەدا، دەردەکەوێت هاولأتیانی دوچاری چەپاندنو سەرکوتکردن هاتوونو بەجۆرەها شێواز خەڵکی تەعبیر لەو حاڵەتەیان دەکەن، هەر لەخورتەو پۆڵەوە تا دەگاتە بلأوبوونەوەی (ناوازەیی - شۆز)و کاری توندوتیژی.

ئەو گەلانەی سالأنێك سەرکوتکرانو رووبەرووی ئەشکەنجەو ستەمو چەوسانەوە هێنرانو مافو ئازادیەکانیان لێ داگیرکرا، بێئەوەی پێیبزانن بەدرێژایی کات بوونە بۆمبی تەوقیتکراوو تەعبیرکردنیان لەتوندوتیژی چەندین لایەنی ژیانیانی دەگرتەوەو توندرەویو پەرچەکرداری توندو تیژانە لەهەلّوێستدا دەبێتە مۆرکێکی دیاری ئەو جۆرە کۆمەڵگانە، ئیدی هیچ جیاوازیەك لەئارادا نابێت لەبارەی باکگراوندی توندو تیژیەکانەوە، (ئاینی) بێت یان لەژێر دروشمی (عەلمانیەت)دا، چونکە هەرکات رێگری کرا لەتێرکردنی رەمەك (غەریزە)کان، ئەوکات هێز پەیدا دەکاتو دەبێتە دەسەلأتێك کە مرۆڤ دەکاتە کەسێکی سەرکەشی سەررۆ.

کاتێك ئۆپزسیۆنی سیاسیو نیشتمانی پرۆتستۆ دەکرێتو تاکەکانی زیندانی دەکرێنو حیزبەکان قەدەغە دەکرێن، ئەوکات عەقڵی سیاسی سەرکوت دەکرێتو حالەتی خوێندنەوەو لەیەك وەرگرتنی کتێبو بلأوکراوە سیاسیو نهێنیەکان زیاتر دەبێتو لەرێی ئینتەرنێتو ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکانەوە قسە بەدەسەلأت دەوترێت، چەندە سێکس بەتاوانو لادان تەماشا بکرێت هێندەش فرۆشتنی (CD)یە سێکسیەکان زیاتر دەبێت و لاوانیش روودەکەنە ماڵپەری سێکسیەکان ورەفتاری (ناوازە) ی سێکسیش بەئاشکراو بە نهێنی زیاتر پەرە دەسەنێت. ئەوەی دیارە لای ئێمە ئەوەیە کە گەلانمان بە شێوەی ئاستی جۆراو جۆر لەلایەن دەسەلأتەوە دوچاری سەرکوتکردنی سیاسی هێنراون، هاوکات کۆمەڵگەکانمان لەرێی دابو نەریت و یاساوە بێت یان بە پاساوی فەتوا ئاینیەکانەوە لەرووی زایەندییەوە چەپێنروان، ئەمەش وایکردووە زۆرینەی خەڵکیمان لە (لەنەست دا) کلّپەی ئاگربنو خرابێتنە لێواری گرکانێکەوە رژێمو دەسەلأتەکان بەجۆرەها ئامراز هەوڵی رێگری بدەن لە هەڵچونو تەقینەوەیان، بەلأم مەخابن کە لە نزیکترینو گونجاوترین هەلدا دەتەقێنەوە، رەنگە فاکتەرەکانی ئەو بە تەقینەوەگەیاندنەش شتی زۆر سادەو ئاسان بن، بۆیە لەو کاتدا دەسەلأت هەرچەندە کارابێت لە بەرزەفتکردنی جەماوەردا، بێگومان ئەو هێزو توانایەی نابێت کە بەردەوام رێگری بکات لەو تەقینەوەیەو لەو حالّەتەشدا پشێوی سەر هەڵدەدات.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرسیارانە هەر دەمێننەوە: چۆن خودی ژیاریی خۆمان بناسین لەکاتێکدا عەقڵی خۆمان لە قوولأییەکی زۆردا چەپاندووە؟

بووینەتە نێچیری ترسو تۆقینو دڵەراوکێ ؟ بووینەتە نەتەوەیەك لەهەموو شتێك دەترسین ؟ ولأتو نەتەوەکانی تر دەست لە کاروبارمان وەردەدەنو کۆنترۆڵی داهاتو سەرچاوە ئابووریەکانمان دەکەن؟ ئاخر چ دەبێت گەر بەرپرسێکمان لە کۆبونەوەیەکی نێودەوڵەتیدا (نا) بۆ بریارێکی ناداد پەروانە بکات؟ بۆچی هاولأتیەك گەر پۆلیسێك بیوەستێنێت رەنگی زەرد دەبێتو دڵی دەکەوێتە خورپە ؟ کچێکمان چی بەسەردێت گەر بەرلە هاوسەرگیریی سێکس بکاتو خانەوادەکەی پێیبزانن؟ ئەو ژنەی بە(بالأپۆش محجبە)و ئەوەی بە (سفور) ناسراونو جیاوازیەکی زۆریش لەنێوانیاندا هەیە لە پۆشتەییدا، هەردووکیان لەخۆحەشارداندا رۆڵیان هەیەو هەمیشە پیاو ئەو کەسە بە هێزەیە کە بە دوایاندا وێڵەو لە سۆراخیاندایە، ژنە سفورکان تەواو خۆیان رووت ناکەنەوە، چونکە رووت بوونەوەی تەواو هۆکای هەژاندن نیە، ئامانجی (سوپەرمۆدێلی)و نمایش کردنی جلو بەرگی ژنان، وەك نەخشە سازەکان دەڵێن بۆ ئەوەیە ژنان لەرێی ئەو جلو بەرگانەوە زیاتر هەژێنەری سێکسی بن.... لە واقیعی ژیانی ئێمەدا ژن لەسەر ئەوە پەروەردە کراوە رۆڵی هەژاندنی سێکیسی لای بەرامبەر ببینێتو ئەو چەپاندنە زایەندیەی ناخی بەرامبەر بە گەر بخات...

دیارە واقیعی (هونەر)یشمان باشترین بەڵگەیە، چونکە هێندە بەسە هونەرمەندێکان خۆی رووتبکاتەوە تا ببێتە هونەرمەندێکی خۆشەویستی جەماوەری چەپێنراوو بگاتە ئاستی ناوداریی زیاتر لەمەریەمی پاکیزە، لەبەرانبەریشدا زیادەرۆییکردن لە خۆداپۆشینو جەستە حەشاردانداا هاوکات ناهاوسەنگیو نارووونی دەردەخاتو وێنەیەکی مێینەی (جەستە چەپێنراو) دەخاتە روو، ئەو مێینەی یان زیادەرۆیی دەکات لە خۆداپۆشیندا لەبەر ئەوەی بە جۆرێك دەروانێتە پیاو کە نێرینەیەو دەبێ خۆی لێ بەدوور بگرێت، یان بۆ هەلێك دەگەرێت بۆخۆدەربازکردن لەو کۆتەی خواستی گەرمی سەرکوت کردووەو لەو دیوی بالأپۆشیو خۆداپۆشینەکەیەوەو لەنێو کۆمەڵگەی ژناندا دەکەوێتە ئەوپەری خۆرازاندنەوەو خۆرووتکردنەوە.

بۆیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵگە تاکە رێگە رێزگرتنە لە مرۆڤ و ئازادییەکانی، دیموکراسیش دەروازەی دەرچوونە لە قەیرانەکان، چونکە شێوازێکی ژیانە کەلەسەر هۆشیاریی دامەزراوەو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەسیاسەتیشەوە پەیرو دەکرێتو دەبێتە هۆکاری گۆرینەوەی ئاشتیانەی دەسەلأتو لەبریاری سیاسیو کۆمەلأیەتیدا گەل کارا دەکات، بە جۆرێك مرۆڤ شان بەشانی سیاسەتوان بژیو بچێتە پارلەمانو دامودەزگا گشتیەکانو لە نزیکەوە ئاگاداری پرۆسەی بریاری دەرکردنو بەشێکیش بێت لەو پرۆسەیە ... لەو حاڵەتەشدا شکۆی کۆشکەکان دەشکێن کەوەك موقەدەسێك نزیکبوونەوە لێیان قەدەغەبوو، یان رەخنە گرتن لەبەرپرسانی نێو ئەو کۆشکانە مەترسی بوو، هەر لە سیستمی دیموکراسیدا مرۆڤ تێکەڵ بەسەرۆکەکان دەبێت، گەل خالّەکانی پێکگەیشتنو میکانیزمەکانی کارو دژواریەکانی دەناسێت، هەر ئەو کات ئۆپۆزسیۆنی نێگەتیڤو هەستی دوژمنایتی نامێنێتو هەروەك لە عەقڵی ناهۆشیاری کۆمەڵگەدا بە دیهێنانی ئامانجەکان لەرێی توندو تیژی بەکارهێنانەوە نامێنێت .

کاتێك ژنو پیاو بە کرانەوەو رێزو نەوازشەوە مامەڵە لەگەڵ یەك دەکەنو وەك مرۆڤ پێکەوە دەژینو شارەزای خالّەکانی جیاوازیو دژەیەکی دەبن، ئەو کات عەقڵی ناهۆشیاریی پێویستی بە بەدیهێنانی ئارەزووە چەپێنراوەکان نامێنێت لە شێوەی سێکسی توندو تیژدا، ئیدی لەو دەمەدا پۆشاك هەرچۆنێك بێت گرنگ نابێتو تەنها دەبێتە پارچە قوماشێك کە خاوەنەکەی لە گەرماو سەرما دەپارێزێت.

کەواتە کاتێك ئێمەی مرۆڤ لە چەپاندنی خەفەکراوی نێو نەستی کۆمەڵگەییمان ئازاد دەبین، ئیتر خۆ کردانە ترسو تۆقین لە ژیانماندا نامێنێتو ململانێی گەرمی نێوان نەستو رەفتار هەڵدەوەشێتەوەو رواڵەتو ناوەوە یەکدەگرن، ئەوکاتە دەبینە مرۆڤی راستەقینە، مرۆڤ وەك ئەندامی سیستەمێکی گەردوونیی پێکهاتەئالۆز، ئەگەر عەقڵی ناهۆشیاری لە دیلیی چەپێنراوەکان رزگاری بوو، ئەو کات غەریزەکانی ژیرانەو واقعیتر خۆکردانەو خۆرسکانە ئازاد دەبنو رێز لە جەستەی خۆی دەگرێتو بەنەرمونیانی مامەڵە لەگەڵ ناوەرۆکی نەستی دەکات، لەو بارەشدا خۆرسکانە لە میکانیزمەکانی تێرکردنی پێداویستیەکانی بەشێیەکی دروست دەگات، دواجار ململانێکان نامێننو هاوسەنگی نێوەکی دێتەوە مەیدانو بەربەستەکانی نێوان عەقڵی هۆشیارو ناهۆشیار دەروێنەوەو مرۆڤ دەبێتە هەمەکیەکی تەواوو هاوسەنگی لەگەڵ سەروەری سیستەمە گەردوونیەکە.

سەرچاوە سایتی ئێلاف